نێچیرڤان بارزانی سوپاسی باڵیۆزی هۆنگاریا بۆ هەوڵەکانی لەپێناو بردنەوەدان بە پەیوەندییەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ هەرێم دەکات



سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە کۆنسوڵی گشتیی هۆنگاریا لە هەولێر کرد، سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دەڵێت، "بۆ ماڵئاوایی و بەکتاهاتنی ئەرکەکەی" بووە.

پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ یەکشەممە 25-05-2025 نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، "بۆ ماڵئاوایی و بەکتاهاتنی ئەرکەکەی،" پێشوازیی لە ئاتیلا تۆت، کۆنسوڵی گشتیی هەنگاریا لەهەولێر کرد.

بۆپێی راگەیەندراوی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، لە دیدارەکدا نێچیرڤان بارزانی وڵای سوپاسکردنی تۆت بۆ کار و هەوڵەکانی لەپێناو بردنەوەدان بە پەیوەندییەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، هیوای سەرکەوتنی لە ئەرکی تازەیدا بۆ خواست.

لای خۆیەوە کۆنسوڵی گشتیی هەنگاریا، سوپاس و پێزانینی بۆ پشتگیریی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە سەرخستنی ئەرکەکەیدا دووپات کردەوە، هەروەها خواستی

وەاتەکەی بۆ بەرەوپێشبردنی زیاتری پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، نیشان دا.